# كفره جوانەكان

هۆشەنگ شێخ موحەمەد

خەون كفری نووستنە
شیعر كفری تێڕامانە
لەزەت كفری جەستەیە
باران كفری ساتە سەر مەستەكانی ئاسمانە
سەراب كفری دەمە بێئاگاكانی بیابانە
سەما كفری بادەیە
فڕین كفریتەمەنە
سێو كفری رۆحە
عشق كفری من و تۆیە
من و تۆش كفری ئەم شارەین

(كفری من)
لەو تەمەنە زەیتوونیە
گەر بەو سێبەرەی كفرە نەبێت
ئێوارانی رۆحم بە كێ بسپێرم؟
گەر بەو بەهارەی كفرە نەبێت نیوەڕۆیانی
باخچەی سەرم بخەمە چ لەپێكەوە؟
گەر بەو شەوەی كفرە نەبێت
جریوەی ئەو پەیڤانە لە سەر تەختەی رەشی كوێ بنووسم؟
(هەموو شتێكی رەشم خۆشئەوێ)
ئستاكە من
(جلی رەش و
چاوی رەش و
پێستی رەش و
دڵی رەش و
رۆژی رەش و
تەنانەت چارەی رەشیشم خۆشدەوێن)

(کفری من و تۆ)

من و تۆ بەم کفرەوە جوانین
بەم عشقە بێمەبەستەوە قەشەنگین
من و تۆ کفری ئەم شارەین
ئەو شارەی ئاگای لە نێو لاپەڕەکانی بەرنامەی ئێزگەیەکی
ناوخۆییەوە
لە بڕگەکانی پەند و مەتەڵەوە دەخوێنێ
ئەو شارەی فرچکی بە کوچەکانی خەتاو شەقامەکانی
سەلەفییەت گرتووە
ئەو شارەی منالێتی لە تریقەی ئەم کفرە دەپارێزێ
ئەو کفرە قەقنەسییەی گاڵتە بە چارەنووسی ئاماژە و نهێنییەکانی
حەکیمە گێلەکانی شار دەکا
من و تۆ بەو کفرە ساکارەوە رەنگاوڕەنگترین زەخرەفەی بەرگی
ئایەتەکانی ئەم شارەین
ئەو شارەی لە نێوان سێو و ئادەمدا قولانجێ بۆشایی هەبوو
بە خوێن پڕی کردەوە
ئەو شارەی لە نێوان ئاژەل و ئادەمدا بستێ بۆشایی هەبوو
بە خوێن پڕی کردەوە
ئەو شارەی نێوان وەرزەکانی ساڵی بە خوێن پڕکردەوە
ئەو شارەی نێوان هێلانەی سقۆرەکانی پڕ لە گوێزی خوێن کرد
بۆشایی نێوان گوڵ و پەپولە خەندەیەک بوو.. کردیان بە
هکتارێک گریان
دووری مانگ و دەریا شەپۆلێ بوو کردیان بە چەندین ساڵی
تریفەیی
دووری نێوان کۆتر و ئەشکەوت گمینێ بوو هەزارەها میلی
گومانیان تێدا رژاند
دووری نێوان مامزێک و پلینگێک دار زەیتوونێ بوو عومری سەد
پایزیان تێدا موتربە کرد
بۆشایی باخچە و تەیرەکان هەنجیرێ بوو چەندین ماری

سەربەهەشیان بۆ ڕاگرتن
ئەو شارە
ئەو شارەی نێوان خۆی و خوا نوێژێ بوو بە ئۆقیانووسەکانی
خوێن پڕی کردەوە
ئەو شارەی نێوان زەردشت و ئاڤێستا ئاگرێ بوو بە دۆزەخێک
پڕی کردەوە
ئەو شارەی نێوان عیسا و ئینجیل وەفایێ بوو بە خاچێک پڕی
کردەوە

ئەو شارەی نێوان شەڕاب و ترێ گوشینێ بوو ئاینێکی خستە
نێوان
ئەو شارە..ئای لەو شارە
گەر نێوانی من و تۆش کفرێ نەبێ لە ئیمانی نێوان باڵ و فڕین
یەقینتر نەبێ
ئەوا کەنارییەکانمان دەبەنەوە جەنگەڵ.. پەیڤەکانمان دەدەنەوە
یەزدان
بەتاڵمان دەکەنەوە لەو کفرە
ئەو کفرە نارنجیەی حەقیقەتەکان پرتەقاڵی دەکاتەوە
ئەو کفرە سەرابییەی شکۆیەک بە وشکایی بیابانی فەنا
دەسپێرێ
ئەو کفرە پیرۆزەی پوشێکی قودسییەت بەلانەی پەڕەسێلکەکانی
ئاماژە رەنگینەکان دەداتەوە
ئەو کفرەی لە ئاست سادییەتی باوکەکانی سیاسەت
ماسۆشییەتی ژنەکانی سیاسەتدا یاخییە
ئەو کفرە گەیشتۆتە قناعەتێک .. بوون گوناهێکی گەنمڕەنگییە
دەبێ بە رۆشنایی ئەو ماهییەتە مانایەک بە بوون .. بە
جەستە..بەسۆزی دڵ ببەخشین
ئەی کفری ئەو شارەی هەموو ساتێ لە ماڵەکانیدا .. لە
باخچەکایدا .. لە مزگەوت و مەیخانە و کتێبخانیدا
تەڕوادەیەک لە سەر ژنەکانی دەسەلات روودەدا

بۆ ئەم شارە جنێوێک بەسە
چرکەیەک بەسە بۆ ئەوەی شەڕێکی سەد ساڵی بەرپابکەن
چرکەیەک بەسە چەندین سەدە بەرگی گولە یاسمینەکانی
بوونمان هەڵوەرێنن
چرکەیەک بەسە هەزاران سڕا کەناریەکانی حەقیقەت
تەریوکەن و دەریا لە نەوڕەسەکانی وەفا بکەنە جەنگەل
چرکەیەک بەسە بۆ ئەوەی تا ئەزەل بەوەرزی خیانەتدا بفڕن
چرکەیەک بەسە سەبەتەی خەونەکانمان بەتاڵکاتەوە لە سێو و
عشق و فڕین
چرکەیەک بەسە میحرابەکان خاڵیکاتەوە لە نور
چرکەیەک بەسە ژنەکانمان خاڵیکا لە مەمک
چرکەیەک بەسە بۆ مردن .. بۆ عەدەم
ئەی جوانترین کفری زەمین
بەر لەو چرکەیە لە دەرگەی باخچەی سەری ئەم شارەدا ..وا
دەتنووسمەوە
گەر بە ئاوی کفر نەبێت ..دار مێوەکانی حەقیقەت ترێ ناگرن
گەر بە تاڵی کفر نەبێت .. هەلوژەکانی هزر بە چی دەگەنە
ئاسمانی تێڕامان؟
گەر کێشانی کفر نەبێت..سێوەکانی عشق چۆن دەڕژێنە
سەبەتەی خەیالەوە؟
(شەڕاب کفری ترێیە)
ئەمەیە جوانترین کفری باخچەکان
من وا دەڵێم و تۆش وەرە نەخشێک لە زەخرەفەی ئەم کفرەوە
بگرەوە
ئەی باخەوان
بەر لەو چرکەیە دوا حیکمەتنامەی کفرە جوانەکان لە
گۆڕستانەکەی ئەم شارەدا دەنووسمەوە
وەرە هاوڕێ با پاساری نهێنیەک لە بن گوێتا بەڕەلاکەم
(دلبەرترین گۆڕ ..گۆڕی سەربازی ونە)
ئەم دار بەڕوە بە عومرانە هێشتانەکە ساوان لە تێگەیشتنی

نەخشی بازنەکانی دەستی فەنا
من زەیتوونێکت دەدەمێ بتوانێ رەنگی بێ دەنگی گۆڕستانەکان
بگرێ سنەوبەرێکت پێدەبەخشم وەرزەکانی حەقیقەتی مەرگت بۆ
بخوێنێتەوە
هاوڕێم
(مردوو کفری گۆڕستانە)
ئەمەیە جوانترین کفری فەنا
مردوو بۆ گۆڕستان وەک کوریکە ئەوەڵ بەهاریەکانە بۆ باخچە
مردن خەتایەکە وەک جەستە جوان
کفرێکە ئارام و بێدەنگ
لە ژێر باڵی سێبەری سنەوبەر و عومری زەیتوونەکان کپ دەکەوێ
ئەی تۆی بە من ئاشنا
(ئەگەر ویستت بمبینی .. با گۆڕستان جێی ژوانمان بێت
مادامەکێ گۆڕی سەربازی ونمان نیە.. لە لای گۆڕی یەکێک
لە دەیان عاشقی ئەم شارەوە
چاوەڕێمکە
من وا دەلێم و تۆش وەرە
چلێک لە دار زەیتوونی ئەم کفرەوە بشکینەوە
ئەی گۆڕ هەلکەن

23ی8ی96 دهۆک
لە گۆڤاری شیعرستان ژمارە(5) بلاوکراوەتەوە